# پشیلەیەک دەمیاوێنێ


**فەرۆخ نیعمەتپوور**
**(نەرویج)**




ئاپارتمانەکە بەسەر تەپۆڵکەیەکەوەیە و ئەویش لە قاتی هەرە سەرەوەیدایە. کە سەعات لە دوانزەی شەو لادەدات، گڵۆپی ژوورەکە دەکوژێنێتەوە و لەسەر کورسی پەنای پەنجەرەکە دادەنیشێ و تا درەنگان لە شەوانی ئۆسلۆ دەڕوانێ. شار لەناو گڵۆپ و تاریکیدا ڕاکشاوە و قەراغەکانی لە شوێنێکی نادیار بزر دەبن. نیگای تێر نابێت. گەمەی گڵۆپ و تاریکی هەمیشە بۆی سەرنج ڕاکێش بووە. پاڵ دەداتەوە. بە جوانی پاڵ دەداتەوە و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ. گڵۆپی ژووری دراوسێکان یەک بەیەک کوژاونەتەوە. ئیتر سەرنجی ئەم ڕاناکێشن. لە ئاپارتمانەکەی ئەوبەر هەمیشە ژوورێکیان گەلێک درەنگتر لەوانی دی گڵۆپەکەی دەکوژێتەوە. ڕەنگە لەوێش کەسێک وەک ئەم تا درەنگان لە شەوانی ئۆسلۆ دەڕوانێ.

گەرچی زستانە، کەچی ئەمشەو بایەکی بەهاری هەڵیکردووە، «با»کە لە پەنجەرە بە ئاستەم کراوەکەوە خۆ بە ژووریدا دەکا و چەندەش بزوێنەرە! زیاتر پەنجەرەکە دەکاتەوە.

«با» ئیتر بە تەواوی لە ژوورەکەدا دەکەوێتە گڕوگاڵ. دووکەڵی جگەرەکە لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ و دەیبا. دەیکێشێ. جگەرەکە لە تەواو بووندایە کە بە ئاستەم دەنگی پشیلەیەک دێتە گوێی.

– میاوو...!

ئەوەتەی لە بیری دێ و لە ئۆسلۆ دەژی بە شەو گوێی لە دەنگی پشیلە نەبووە. پشیلەکانی ئێرە شەوگەڕ نین. وەک مرۆڤەکان لە ناو خانووەکاندا دەژین و لە کاتی خەودا لەسەر جێگاکانیان بە دەوری خۆیاندا قەف دەخۆن و دەخەون. باوەڕ ناکات لە دوای دوانزەی شەو هیچ

پشیلەیەک لەم وڵاتە بە دەرەوە بێت.

– میاوو...!

بیری پشیلەی لای خۆیان دەکەوێتەوە. ئەو پشیلانەی وەیلانی کۆڵان و زبڵەکان بوون و بە دەرکەوتنی مرۆ خێرا خۆیان ون دەکرد. یادەوەرییەکی ئەوێ، دەنگی پشیلەی شەوانە بوو.

ئەو کاتانەی دوو نێر لەیەک گرژ دەبوون، یان نێر و مێیەک سەودایەکیان لەسەردابوو.

– میاوو...!

جارێکیان لە جادەیەکەوە تێدەپەڕی. ئاپۆرایەک لە خەڵکی بینی. نزیک کەوتەوە. سەد نەفەرێک دەبوون. لە سەربانی دوکانێکیان دەڕوانی. ئەمیش ڕوانی. دوو پشیلە، نێر و مێیەک کە دەیانویست جووت بن. چ حەشر و حەلەلایەک بوو: «دەی بە قوربانە!»... «دەی تەختی کە!»... «ئەی خۆزگەم بە خۆت!»... «ئەوە بۆ ئەوەندە دوای دەخا؟» پشیلە نێرەکە ئارام ئارام لە مێینەکە نزیک دەکەوتەوە. هەر کە ویستی لەگەڵی جووت بێت، درایە بەر بەرد. ڕێژنەی بەرد. بارانەی بەرد و پێکەنین و جڕت کێشانی خەڵک. پشیلەکان چەند گورج و خێرا دەرچوون.

– میاوو...!

یان جارێکیان لە بیری دێ کە دراوسێکەیان کۆتری هەبوو. پشیلەیەک شەو خۆی بە هێلانەی کۆترەکاندا دەکاو هەر هەموویان دەخنکێنێ. دراوسێکەیان ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ. دەیزانی کاری کام پشیلەیە. لەوەوپێش چەند جارێک ڕەپێی نابوو. هەفتەیەک تەڵە و داوی بۆ نایەوە تا بیگرێ. گرتی. ئەوسا لە سێدارەی دا. تەنافێکی لە تاقەداری حەوشەکەیان شۆڕکردەوە و پشیلەکەی وەک تاوانبارێکی شەڕ لە سێدارەدا. پشیلەکە کە قەت شتی وای بە خۆیەوە نەدیبوو، پەت لە مل و حەپەساو لەم دۆخە بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و بە سەختی دەمیاواند. میزی بە خۆیدا کرد. میزەکە وەک ئاوی فوارە، جەغز ئاسا دەڕژایە سەر زەوی.

– میاوو...!

لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە کە بە ڕاستی دەنگی پشیلەیە، یان گوێی دەزرینگێتەوە.

«بێ گومان پشیلەی دراوسێکەمانە.»

– میاوو...!

یان جارێک لە گوندێک دەیانگێڕایەوە کە پشیلەیەک حەزی لە کچانی گوند کردووە. ئەویش وەک کوڕانی ئاوایی ئێواران دەچووە سەر ڕێی کانی. هەر وەک کوڕانی ئاوایی لێیان ڕادەما و نەدەبزووت. تەنیا جیاوازی ئەو ئەوە بوو کە وەک ئەوان هاوڕێیەکی نەبوو لە گەڵیان بدوێ. جار جارە بە پەنجەکانی مێشەکانی دەتاراند و بە زمانی لێوەکانی خۆی دەلستنەوە. کچەکان دەتریقانەوە. نیگایان بەڕێ دەکرد. بە ئەنقەستیش لە کاتی هەڵگرتنی گۆزە ئاوەکانیاندا کەمێکیان بەسەر و سینگی خۆیاندا دەڕژاند. کراسەکە بە لەشەوە دەچەسپێ. ئیدی گەنجەکان شێتتر دەبوون. لەم کاتانەدا پشیلەکە هەڵدەستایە سەر دوو دەستی و گەردنی دەکێشا. سەر ئەنجام ڕۆژێکیان پێیان زانی و بەر بەردیان دا. وتیان ئەوە جنۆکەیە لە پێستی پشیلەدا. بڕیاری کوشتنی درا، کێ دەوێرێ جنۆکە بکوژێ؟ بەڵام ڕۆژێک کوژرا. کەس نەیزانی کێ بوو. کەلاکەکەی لە سەلوێنکی ئاوایی بینرایەوە. هەموو کەس دەیگوت پشیلەکە مرد، بەڵام بێ گومان جنۆکەکە هەر زیندووە. جنۆکە نامرێ.

– میاوو...!

لە خوارەوە لەسەر جادەکە، ئەو جادەیەی وا بەرەو ئاپارتمانەکە دەهات، سەمای بە پەلەی گڵۆپێکی زەرد و شین سەرنجی ڕاکێشا. دەڕوانێ. ماشینی پۆلیس. سەیارەکە لە بەردەم ئاپارتمانەکەدا ڕادەوەستێ. دوو پۆلیس دادەبەزن. یەکیان بەبێ تەل خەریکی قسە کردنە. ئەم هیچ تێناگا. ترسێک دایدەگرێ. چ بووە؟ کێ کوژراوە؟ یان دزراوە؟ لەوەی کە تا ئەم کاتەی شەو بەخەبەرە، پەشیمانە. نەکا بە جۆرێک تاوانبار بکرێ. دەیەوێ گڵۆپەکە بکوژێنێتەوە، بەڵام ئیتر درەنگە. ڕەنگە کوژاندنەوەی گڵۆپەکە، سەرنجی پۆلیسەکان ڕاکێشێ.

– میاوو...!

ئەوسا کتوپڕ ئۆتۆمۆبیلێکی فریاکەوتن و ماشێنێکی دیکەی پۆلیس پەیدا دەبن. لە پاڵ ئۆتۆمۆبیلی یەکەمدا ڕادەوەستن. «نەکا شوێنێک سووتابێت و من ئاگام لێ نەبێت!» ترسێکی خراپتر دایدەگرێ. کاتێک ئەم ئاپارتمانانە دەسووتێن، لێ دەرباز بوونیان گەلێک زەحمەتە.

دەیەوێ هەستێ و بچێ سەیری کۆریدۆرەکە بکا، بەڵام

شتێک ڕایدەگرێ. گەر سووتان هەبا، دەنگیش دەبوو. ئەمشەو بە پێچەوانەوە، یەکجار بێدەنگ بوو. بێ تەلەکە خامۆش دەبێ و پۆلیسەکان و ماشێنی فریاکەوتنەکە بەرەو پشتەوەی ئاپارتمانەکە سوڕ دەخۆن. بە پەلە دەچێتە کۆریدۆرەکە و لە پەنجەرەی ئەوێندەرەوە لە پشتەوە دەڕوانی. بینی پەیژەیەک لە ئۆتۆمۆبیلی فریاکەوتنەکەوە بەرز کرایەوە. بەرز بەرز تا نهۆمی چوارەم، ئەو شوێنەی کە بە مەبەستی نوێ کردنەوەی ئاپارتمانەکە داربەست کرابوو. ماوەیەکی خایاند. دەنگی پشیلەکە تا دەهات زیادی دەکرد.

– میاوو... میاوو... میاوو...!

ئەوسا ئەوەی لە پلەی هەرە سەرەوەی پەیژەکەدا بوو، دەستی ڕاداشت و شتێکی هەڵگرت.

شتێک وەک پشیلە. ئا پشیلە بوو. دواتر کابرایەکی مۆبایل بە دەستی بینی کە لە پاڵ پۆلیسەکان ڕاوەستابوو. بێ گومان ئەو ڕێبوارە بوو کە دەنگی پشیلەکەی بیستبوو و تەلەفۆنی بۆ بەشی فریاگوزاری و پۆلیس کردبوو.

پشیلەکە خرایە ناو جەعبەیەکی تایبەت و سواری ئۆتۆمۆبیلەکە کرا. کە ماشێنەکان لەسەر پێچی جادەکە ون بوون، دیسان ئەم هەستی بە دەنگی پشیلە کردەوە. دەنگی سوپاسی ئەو پشیلەیە بوو، یان پشیلەیەکی گرفتاری دیکە؟ تەلەفۆن بکا، یان نەیکا؟ دەستی بۆ تەلەفۆنەکەی برد. لە تەلەفۆنەکەدا باسی بەردەباران کردنی پشیلە و جرت لێدان و لەسێدارەدانی دەکردن. باسی کرد کە چۆن جنۆکە نامرێ. کە چۆن...

**۲۰۰۸/۱/۱۳**